# زەکاتی خەزنە و کانزایەکان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ زكاة الركاز والمعادن ﴾

« باللغة الكردية »


زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# زەکاتی خەزنە و کانزایەکان

الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن ولاه ، أما بعد :

لەم باسەدا سێ ووشە هەیە پێویستە ماناکەیان روون بکەینەوە وەك رێ خۆش كردنێك بۆ باسەکەکە ئەمانەن:

أ ـ (المعادن) کۆی (معدن) ە لەشەرعدا بەو مادە کانزاییانە دەوترێت کە خوای بەخشندە لە رۆژی دروستبوونی دونیاوە خستونیەتی نێو زەوی.

ب ـ (کنز) بەو خەزنەو ماڵو سامانانە دەوترێت کە پێش ئیسلام خەڵکی لە ژێر خاكو لە ئەشکەوتدا

شاردویانەتەوە) { بروانە (النهاية في غريب الحديث والأثر ٣/١٩٢و ٤/٢٠٣}

ج ـ (الركاز) زانایان بە دوو مانا لێکیان داوەتەوە: بەلای شەرعزانانی حیجازەوە بەخەزنەی سەردەمی نەفامی دەوترێت. کە لە زەویدا شاردرابێتەوە، بەڵام بەلای شەرعزانانی عێراقەوە بەکانزایەکان دەوترێت بە پێ زمانی عەرەبیش هەردوو بۆچوونەکە هەڵدەگرێت، چونکە خەزنەو کانزاش لە زەویدا پەنهان کراون { بروانە (النهاية في غريب الحديث والأثر ٢/٢٥٨}

أ ـ خەزنە (کنـز):

١ـ بەڵگەی زەکات لێکەوتنیو ئەندازەکەی:

قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : " وَفِي الرِّكَازِ الْخُمُسُ " { رواه البخاري ١٤٩٩ ومسلم ١٧١٠}

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی : لە خەزنەی شاراوەدا پێنج یەکی زەکاتە.

سُئِلَ رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عن اللُّقَطَةِ فقال ما كان في طَرِيقٍ مَأْتِيٍّ أو في قَرْيَةٍ عَامِرَةٍ فَعَرِّفْهَا سَنَةً فَإِنْ جاء صَاحِبُهَا وَإِلَّا فَلَكَ وما لم يَكُنْ في طَرِيقٍ مَأْتِيٍّ ولا في قَرْيَةٍ عَامِرَةٍ فَفِيهِ وفي الرِّكَازِ الْخُمْسُ) { رواه النسائي ٥/٤٤}

وەلەوەڵامی کەسێکدا لەبارەی ماڵی دۆزراوە پرسیاری کرد فەرمووی (ئەوەی لە رێگایەکدا کە خەڵکی هاتوچۆی پێدا بکات یان لە دێیەکی ئاوەداندا بدۆزرێتەوە، ساڵێك بانگەوازی بۆ بکە، جا ئەگەر خاوەنەکەی هات باشە ئەگەر نا ئەوە هی تۆ دەبێت، بەڵام ئەگەر لە رێگایەکی هاتوچۆ پێداکراو دێیەکی

ئاوەداندا نەبوو ئەوە لەو شتە دۆزراوەو خەزنەدا پێنج یەکی لە زەکاتدا دەدرێت.

٢ـ بەلای زۆربەی زانایانەوە (نصاب) گەشتنە رادەی زەکات مەرج نییە لە زەکاتی خەزنەدا، بەڵام پێشەوا شافیعی بەمەرجی داناوە، دیارە رای یەکەم بەهێزەکە زۆربەی زانایانی لەسەرە.

وەزانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی ساڵ بەسەردا تێپەرین مەرج نییەو هەر بەدۆزینەوەی زەکات ڵیدەکەوێت.

٣ـ زەکاتی خەزنە لەچیدا سەرف دەکرێت؟

زۆربەی شەرعزانان دەڵێن زەکاتی خەزنە لەوەدا سەرف دەکرێت کەئەم ئایەتە دیاری کردوون کە دەفەرموێت: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ

وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ {الأنفال: ٤١} واته: بزانن هەرچیەکتان دەستکەوت لە غەنیمە ئەو بێگومان بۆ خواو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و خزمانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هەتیوانو هەژارانو رێبوارانە.

ب ـ کانزایەکان (المعادن):

پێشتر مانای ئەم زاراوەمان کرد ئێستاش ئەم چەند پرگەیە باس دەکەین کە پەیوەندیان بەم باسەوە هەیە:

١ـ بەڵگەی زەکات لێکەوتنیو ئەندازەکەشی کە دەدرێت:

زانایان یەك دەنگن کە کانزایەکان پێویستە –واجبە- زەکاتی لێبدرێت بەم بەڵگانەش بەڵگە دێننەوە :

یەکەم: خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ ۚ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ﴾ {البقرة: ٢٦٧} ئەم بەشە لە ئایەتەکە ﴿مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ۖ﴾ واتە: وە لەوەی کە لەزەوی بۆتانمان دەرهێناوە، هەموو شتێك دەگرێتەوە کە لەزەوی پەیدا دەبێتو تایبەت نییە بە رووی زەوییەوە.

دووەم: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : (وَفِى الرِّكَازِ الْخُمُسُ) { رواه البخاري ١٤٩٩ ومسلم ١٧١٠} (... لە رکازدا پێنج یەکی زەکات هەیە) وە پێشتروونمان کردەوە کە-رکاز- خەزنەو کانزا دەگرێتەوە.

لەسەر ئەندازەی زەکاتەکەی چەند رای جیاواز هەیە:

زۆربەی زانایان دەڵێن ١/٤٠ چل یەکی لیٚ دەدرێت وەك زەکاتی ئاڵتونو زێرو بەڵگەیان لەسەر چل یەك فەرمودەیەکە کە لاوازە { بروانە إرواء الغليل ٣/٣١١-٣١٣ حديث ٨٣٠} ئەبو حەنیفەش دەڵێت ١/٥ پێنج یەکی لێدەدرێت بە بەڵگەی (وَفِى الرِّكَازِ الْخُمُسُ) ، ودەڵێت (رکاز) خەزنەو کانزاش دەگرێتەوە.

٢ـ دەربارەی رادەی گەشتنەی زەکاتی کانزا: ئەو رایە بەهێزەکە دەڵێت پێویستە کانزا بگاتە رادەی زەکات لێکەوتن ئەنجا زەکاتی لێدەکەوێت ئەوەیش دەبێت نرخەکەی بگاتە نرخی بیست مسقاڵ ئاڵتون. ئەنجا زەکاتی دەکەوێت.

٣ـ ساڵ بەسەردا تێپەرێن: کانزا لە بەرئەوەی وەك دانەوێڵە و میوەجات وایە پێویست ناکات ساڵی بەسەردا تێپەرێت، بەڵکو بەدەستکەوتنو دەرهێنانی زەکاتەکەی

واجب دەبێت بەلای جەماوەری زانایانەوە { بروانە المجموع النووي ١٨/٦ والموطأ ١٠٤/٢ والمغني لإبن قدامة ٢٦/٣}.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم